# بیبەرە توونەکانی ساکارا

دالی
jeenararati@yahoo.com

هەرێمێك لە خوان

خوانێك لە فەنتازیا

ئەوسەری دیارنیە

رەنگە زەردەشت لەوێ دانیشتبێ

"فەرموون" ئەمە لەفزی جەلالەتی بوو

پێغەمبەرە برسیەکان داوەرانەوە سەر مێز

ساکارا ئەسەری زیندانی لەسەر ماوە

چاوەکانی لە تەوارێکی یاخی دەچوون

سێ هەنگاو لەپشت عیسا وەستابوو

لە نیگای پێغەمبەرەکان راهاتبوو

دەنگی چەتاڵ

لە دەنگی زرمەی ئەو تۆپانە دەچێ

کە قەڵادزێیان شەهید کرد

ساکارا پەردەپڵاوەکەی لە شێوەی گردی حوسنی دروستکردبوو

دەنگی کۆکەی پێغەمبەرەکان لە هەموو لایەك دەبیسترا

محەمەد شەربەیەك ئاوی زمزمی هەڵقوڕاند

بێ فایدە بوو

ویستی بەسەر ساکارا بنەڕێنێ

بەڵام  نەرمەکۆکەکەی خوا هەموو جووڵەیەکی وەستاند

خوا لە ساکارای روانی و

بە بزەیەکەوە گوتی

ئێستا زانیم ئەو هەموو پۆرترێتەی گاندی لە مەرسەمەکەت چی دەکەن.